مەسرور بارزانی لەگەڵ سەناتەر تامی دەکورت کەبووەوە

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەندامێکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا باس لە دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات و ئەو سەناتەرە ئەمەریکییە پشتیوانی خۆی بە پاراستنی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا دووپاتکردەوە.

ڕۆژی چوارشەممە (28ـی شوباتی 2024) مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە واشنتن، لەگەڵ سەناتەر تامی دەکورت، ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا کەبووەوە.

لە کەبوونەوەکەدا مەسرور بارزانی کورتییەکی دەربارەی دۆخی گشتی عێراق و گرنگیی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، بەتایبەتی دابینکردنی شایستە داراییەکان و بەشە بودجەی هەرێم و دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت و پاراستنی ئاسایش و ئارامیی هەرێمی کوردستان و مافی پێکهاتەکان خستەووو.

لەلایەن خەیەوە، سەناتەر تامی دەکورت، پشتیوانیی خۆی بە هەرەمی کوردستان دووپاتکردەوە و جەختیکردەوە کە هەموو هەوڵی خۆی دەخاتەگەڕ لە پەناو پاراستنی هەرەمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرەم و حکومەتی فیدراڵ.